سەرۆك کۆمار و حەکیم ڕەوشی سیاسیی وڵات و ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

ئەمڕۆ یەکشەممە سەرۆك کۆمار عەبدولڵەتیف جەمال ڕەشید و عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی ڕەوشی سیاسییەکان عێراق و ناوچەکەیان تاوتوێ کرد.

حەکیم لە تزێی کۆمەڵایەتی ئەکس بڵاویکردەوە: ئێوارەی ئەمڕۆ پێشوازیمان لە عەبدولڵەتیف جەمال ڕەشید سەرۆك کۆمار کرد و بیروڕامان ئاڵوگێڕ کرد سەبارەت بە پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق و هەرێم، هەروەها پاڵپشتیکردنی حکومەت لە جێبەجێکردنی بەرنامە حکومی و خزمەتگوزارییەکانیدا.

ئاماژەی بەوەشکردووە : جێختی لەسەر پێویستی پاراستنی ئەو سەقامگیرییە کراوەتەوە کە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی بەدەست هاتووە، هەروەها وبیرهێنان لە قەناعی ئەستادا بە هێنگاونان بەرەو مامەڵەیەکی ڕیشەیی لەگەڵ هێندێك پرسی هەڵپەسەردراو.

حەکیم لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئەمە جێختمان لەسەر پێویستی وەستاندنی شەڕ لە غەززە کردەوە، هەروەها گوتمان ڕاگرتنی شەڕ پێویستە بە پاراستنی سەقامگیری ناوچەکە و ڕەگریکردن لە ڕەگای پەرەسەندنی زیاتری یەکتر، هەروەها هەشداریمان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دا دژی سیاسەتی بەدێنگی بەرامبەر قەیرانی غەززە، بەو پێیەی دەرئەنجامەکانی ئەوەی ڕووددات زیان بە بەرژەوەندییەکانی هەمووان دەگەیەنێت.